# کوورێك لەکەوای ڕۆشنبیریدا

## بەبۆنەی ساڵیادی

## لەدایکبوونی((ئەنتۆنیۆگرامشیی))یەوە

**فیتز جراڵد**

**وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ڕەزا مەنوچێهری**



ئـانتۆنیۆ گرامیشی، لەبیست وهەشـتەمین رۆژی ژانویـەی ١٨٩١دا لەلادێیـەکی ناوچـەی کالیگـاریی ئیتاڵیـا لـەدایکبووە. چـوارەمین منداڵی ((فرانسیسکۆ گرامیشی))بـوو فرانسیسکۆش خـۆی کـارگێڕی فەرمانگـەی تۆمـارکردنی پێناسـە بـوو لـەو ناوچـەیەداو لەساڵانی (١٨٩٧-١٨٩٨)دا بەتۆمـەتی گەنـدەڵکاری لەکارەکەیـدا سـاڵێك زیـندانی بۆبـڕایـەوە. لـەدوای ئـازادبوونی ولەبـەر بێکـاریی، خـۆی وحـەوت منداڵەکەی لەهەلومەرجێکی دژوارو هەژارانەدا ژیانیان بەسەر ئەبرد. لـەم نێوانـەدا ئـانتۆنیۆ تووشی نەخۆشیەکی دژوار بـوو کـەوای لێکرد تادوایین ساتی ژیانی کووڕ (چەماوە) بمێنێتەوە. لەدوای رزگاربوونی باوکیان بنەماڵەکەی گرامیشی کۆچیان کرد بـۆ((گیلازرا)) وئانتۆنیۆش کەخوێندنی سەرەتایی تەواو کردبوو لـە (١٩٠٢)داو لـەڕووی ناچاریەوە لەیـەکێك لەفەرمانگـەکانی ئـەو دەڤـەرەدا دەسـتی بەکارکرد، بەڵام لە(١٩١١)دا توانی کوورسیەیەکی خوێندنی باڵا لەزانکۆی((تورین)) وەربگرێت ولە١٩١٣یشدا سوودی لـەمافی هەڵبـژاردنی گشتی وەرگـرت وبـەم جـۆرە تێکـەڵی یەکـەمین بزاڤـە کۆمەڵایەتیـەکانی شـاری تـورین بـوو. گرامیشـی لـە١٩١٦دا وەکـو رۆژنامەنوسـێك لەگۆڤاری حزبی سۆسیالیست دا دەستی بەتێکۆشان کردو بۆساڵی دواتریش بوو بەئەندامی کۆمیتەی کاتیی پارتەکەی.

لەژانویەی ١٩٢٢دا کەپارتی کۆمۆنیستی، ئیتالیا دامەزرا، گرامیشی ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـوو. لـەمانگی ئایـاری هەمانساڵدا وەکو ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا رۆیشت بۆمۆسکۆ وزیاتر لەساڵێك لەوێ مایەوە واتە تاکو نۆڤەمبەری ١٩٢٣لـە وڵاتـی سۆڤیەت بەسەری بردو هـەر لـەم کاتـەدا بـوو لەدەرمانگەیـەکی ناوچـەییدا بۆیەکـەم جـار چـاوی کـەوت بـە((گیلیـا شـاکت))-کەلـەداهاتوودا بـوو بەهاوسەری-پاشان وەکو سەرۆکی حزبی کۆمۆنیست گەڕایەوە وڵاتەکەی. ئاوا بەناوابانگە، کەبۆیەکـەم جـار چـەمکی هـژمووونی لەلایـەن گرامیشەوە ئەو کاتەی کەلەسۆڤیەت بووە بەمەبەسـتی شـرۆڤەی بزاڤـی سۆسـیال دیموکراتـەکانی روسیا کەلـە١٨٩٠تـا١٩١٧ لـەئارادا بـووە خستویەتیە روو. گرامیشی لەسـی‌وپێنج سـاڵیدا واتـە نۆڤەمبـەری ١٩٢٦بـەتاوانی دژایـەتی کردنـی مۆسـۆلینی دەستبەسـەر کـراوەو ناردویانەتە کەمپی گرتوخانەی رامیارییەکان. لەنێوان دادگەیەکەیدا مۆسۆلینی سـەبارەت بـەم وتویـەتی: ((چیدی نـابێ بهێڵین ئـەم مێشکە تێڕامان بکات))لەساڵی ١٩٢٧ گرامیشی نرایە گرتووخانەی میلان ولەوێشەوە ناردیان بۆ رۆماو لەوێ (٢٠)ساڵ زیـندانی بەسـەردا بڕایەوە.

گرامیشی لەم کەین وبەینەدا نامەیەکی بۆ بنەماڵەکەی نوسیوەو تیایدا وتویەتی: بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئـەو تیوریانـەی, کەهـەتا هـەتایی ومانـەوەبن زەینـی هـیلاك کـردووە بۆکۆتـایی هێنـان بـەم زەیـن قورسـیە خـەریکم دەسـت ئەدەمـە داڕشـتنەوەی گەڵاڵەیـەکی سیستەماتیکی بۆدەوڵەمەند کردنی خوێندنەوەکانم.

لەساڵی ١٩٢٩دا مۆڵەتی خوێندنەوەو نووسین درا بەگرامیشی، کەهەشتی فبریەی ئـەم سـاڵە بـەرواری مێـژووی یەکـەم نووسـینیەتی بەناوی((ناملکە نوسراوەکانی بەندیخانە)).

گرامیشی لەنێوان ئەم ساڵانەدا کاتەکانی خۆی لەسەر خوێندنەوەی دیرۆکی(مێژووی)ئیتالیا وئەوروپا، زمان ناسی‌و مێژوونوسـین بەسەربردووە.

گرامیشـی یـادوبیرێکی سەرسـورهێنەری بـووە، لەبـەر ئـەوە بەدرێـژایی سـاڵانی زیـندان قـەت مۆڵـەتی خوێندنـەوەی پەرتوکـە کۆمۆنیستەکانی پێنەدراوە. بۆیە هەرگوتن وگێڕانەوەیەك، کەلەنووسراوەکانیدا هـاتوون بەتایبـەتیش ئـەو گوتانـەی کەپەیوەندیـداری بەرهەمەکانی ((مارکس))ن، بریتین لەو شرۆڤانەی کە(بەتەواوەتی و وردبینانە) بەبیری هاتونەتەوە.

گرامیشی لـە١٩٣٠دا کۆمـەڵێك بـاس وپـەیڤینی لەگـەڵ زیندانـە کۆمۆنیستـەکانی تـرا دەسـتپێکرد، بـەڵام تێڕامانـەکانی سـەبارەت بەتێڕوانینی دیموکراسیانە، بۆگێراوە رامیاریەکانی تر لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا یەکی نەئەگرتەوە، لەئەنجامدا بیست وهەشـتی ئـاوریلی ١٩٣٧ ئەنتۆنیوگرامیشی پاش ساڵەها ئازارو ژان لەتەمەنی چل وشەش ساڵیدا ماڵئاوایی لەجیهان کرد.

ژن خوشکەکەی واتە((تاتیانا))هەموو ٣٣ پەرتوکەکەی گرامیشی بەنهێنی لەزیندان هێنایـە دەرو بەیارمـەتی کەناڵە رامیارییـەکان ناردنی بۆمۆسکۆ تالەچاپ وپەخش بدرێن. بەگوێرەی پڕوپاگەندەیەکی مێژووی-زانکۆیانە، گرامیشی هەموونامە گرنگەکانی(بەتایبەت

ئەوانەی پەیوەندیداری هەست وروانگە رامیاریەکانی ئەکات) بۆتاتیانا خوشکەکەی گیالیای نووسیوە، هەرچۆن بێت هەرئەم ژنـە بـوو، کەنووسراوەکانی گرامیشی بەکراوەیی خستە بەردەم جیلی داهاتوو.

بەڵام ((ئێمە دەتوانین لەژیانی گرامیشی چ شت گەلێك فێرببین؟ ))

بەسێ جۆر ئەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە:

١-گرامیشی منداڵێەکی دژواری بووە، نەك ئەو تەنیا بووە بەقوربانی کاپیتالیسم بەڵکو بەڕاڤەیەکی باشتر نادادپەروەری وئـابووری کۆمەڵایەتی سەرەتای سەدەی بیستەم کردبووی بەقۆچی قوربانی خۆی، تەنانەت بنەماڵەکەشی بەشێواز گەلێکی جۆراوجۆر لەدەست سیستەمی بوروکراسی زەر یان بەرکەوتووە.

٢-بەتاوانی راگەیاندنی رامانەکانیەوە لەلایەن دەسەڵاتداریەتی فاشیزمەوە تووشی چەرمەسـەری ونەهامـەتی بۆتـەوە، کەناچاریان کردووە زۆربەی زۆری ژیانی هزری خۆی لەبەندیخانـە بەسـەربەرێت. لەراستیدا گرامیشی هەبوونـە کورتەکەی لەبـەردەم بڕواکانیـدا پێشکەشکردووە.

٣-گرامیشی نەك تەنیا ئەو رووناکبیریە، کەلە تیۆرەکانی مارکسیزمدا شیاوی گرنگی پێدان بێت، بەڵکو سەرۆك ورامیاری زانیەکـە، کەلەهەردوو گۆڕەپانی جەنگی هزرو کرداردا دەستی داوەتە خەبات.

ئەتوانرێت لەگەڵ لنین دا هەڵسەنگێنرێت. ئەتوانین ئەو ئەنجامـە وەربگـرین کەئەزموونـەکانی ئـەمیش لـەکاروباری سـەرۆکایەتی کردنی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا بدەینە بەرسەرنجێکی باش وهەرلەم چوارچێوەیەدا چەمکە تیۆریـەکان وپێشنیارەکانی لـەگۆڕەپانی تیۆری مارکسیەتیدا گەشەیەکی بەرفراوانی هێناوەتە ئـاراوە. هەرچۆنێك بێت لـەم مـژارەدا(بابـەت) دا، کەگرامیشی هـەم تیۆرسـین وهەم سەرۆکی پارتێکی رامیاری بووە لەشرۆڤەی تێگەینەکانی ئەو بەتایبەت ئەو کاتەی کەباسی رۆڵی روناکبیران لەکۆمەڵگادا ئەکەین، شایانێکی فرەیی هەیە.

*** ئیدە گەلێك لەمارکسەوە.**

بۆتێگەیشـــتن لـــەتیۆرەکانی گرامیشـــی، پێویســـتە پیاچـونەوەیەك بکەینـەوە لەسـەر بڕێـك لەبابـەت وتیـۆرە بنەڕەتیەکانی مارکسیسم کەبریتین لە:

أ-زۆرەملێ وناچاری ئابوری:

مـارکس ئـەی وت" تـەواوی کێشـەکانی ژیـان((سـەرمایە)) دیـاری ئـەکات، سـوڕانی پارەیـە، کەپەیوەندییـەکانی ئێمـە لەگـەڵ مرۆڤـەکانی تـر، سروشـت وجیهـان ئەخاتـە ژێـر کاریگەریـەتی خۆی، ئامانجەکان وهزرەکانی ئێمـە بەرهـەمی پێکهاتە موڵکایەتیـەکان. هەرتێکۆشانێکیکولتوری(بەواتای بـــەرفراوانی خـــودی وشـــەکە) ئـــەتوانرێ بـــەوەرگێڕانی راستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ لـەبڕێك لـەو پەیامـە ئابوریانـەی لەپێشـن زاڵ بکـەیت یـان کـەمی بکەیتـەوە، مرۆڤـەکان لەوەتێدەگـەن، کەلـەداوێنی رەوتێکـی سـەربەخۆدا هاتونەتـە جیهـان کەلـەدەرەوەی ئـیرادەی ئەوانـەو نـاتوانن چـاودێری بکـەن، نـــاتوانن دوای بکـــەون لێـــی تێبگـــەن هەربۆیـــە دژکردەوەکانیان بەگوێرەی ئەوە بنیات ئەنێن.

ب-کێشمەکێشی چینایەتی:

ئەم چەمکە ئەو واتایە لەخۆئەگرێت، کەتەنیا بەشێوازێك ئـەتوانرێت لەبـەردەوامی ومانـەوەی کۆمەڵگایـەك تێبگـەین، کەئــەو کۆمەڵگایــە بەسیســتەمێك بــزانین کەلــەناو ئــەم سیســتەمەدا ئیــدەو رامانــە زاڵــەکان لەلایــەن چــینی دەســەڵاتدارەوە نووســرابێت وئامــانجی ئــەو ئایدیانــەش دابینکردنـــی چـــاودێری بەرژەوەندییـــەکانی ئـــەم چـــینە دەسـەڵاتدارەبێت بەسـەر چـینی کرێکـاردا، چـینی کرێکـار-کەلەلایـەن چینی زاڵـەوە دادۆشراوە-لەئاکامـدا هـەوڵی ئەوە ئەدات ئەم بارودۆخە(بەرێگای شۆڕشەوە)بگۆڕێت وسـەرەڕای ئەمـەش ئایـدیا ویسـتراوەکانی خـۆی، رێکخـراوەی رامیـاری وپیشەسازی خوازراوی خۆی پێکبێنێت.

ج-سەرخان وژێرخان:

لێکدانـەوەی مـارکس سـەبارەت بـەزۆرەملێ و ناچاریـەتی ئابوری کۆمەڵگا بەدووتوێژیان دووگۆڕەپـان دابـەش ئـەکات : ژێرخان وسەرخان.

ژێرخان ئەو بەشەیە، کەهەمووشتێ لەسـەر بواری ئـەودا پەرەئەسـێنێت وبریتیشـە لـەبەرهەمـە ماتریالیـەکان وپـارە، کاڵاکـان، پەیوەنـدی بەرهـەم وگۆڕەپـانی گەشـەکردووی هێـزە بەرهـەم هێنـەرەکان. واتـە هەرهـەمان جیهانی بەرچاو ودیـار،

كەلەگەڵ پەیوەندی ئابورییدایە كەئەویش بەرهەمی سەرمایەیە.

سەرخان ئەوەیە، كەژێرخان دیاریی ئەكات. ئەو بەشەیە كەئەتوانرێت لەناویا سازی(رێكخراوە) رامیاری وئایدۆلۆژییەكان، پەیوەندی كۆمەلایەتی، كولتورەكان، خولیاكان، خەیاڵەكان ورۆحیات وهەستەكانی تیا بەدی بكرێت، واتە ئەو جیهانەی كەگیانەكانی بەرهەمی سەرمایەن.

ماركس سەرخانی لەسێ واتادا بەكارهێناوە:

یەكەم:ئەو راگەیاندنە یاسایی ورامیاریانە، كەنیشاندەری بوونی پەیوەندی بەرهەمن.

دووەم:شێوازەكانی هۆشیاریە، كەروونكەرەوەی روانگەی تایبەتی چینێكە لەچینەكان بۆجیهان.

سێیەم:ئەو رەوتەیە، كەمرۆڤ بەرادەی ناكۆكیە بنەرەتییەكانی ئابوریەوە هۆشیار ئەبێتەوەو دەست ئەداتە خەبات و را دەبێت(هەڵئەسێتەوە هەتا كارەكە یەكلا بكاتەوە).



ماركس

خاڵێك ئەبێت لێرەدا وەبیری بێنینەوە ئەمەیە، كەزۆربەی دەوروبەر والە ماركس تێگەیشتوون كەئەم پەیوەندییە یەك لایەنە لەنێوان ئابوری (ژێرخان)و هزر(سەرخان)دا سیستەمێكی نەگۆرو تۆكمەیە كەنەرم ونیانی تیادا نیە، بەڵام، لەراستیدا ئەم بابەتە لەپەرتوكەكانی ماركس ونگلس ئەوەندەش روون وئاشكرانیە. سەرەرای ئەمانە ئەكرێت هەموو ئەو نووسەرە ماركسیستانە(بەتایبەت ئەوانەی خۆیان خەریكی چەمكە كولتورییەكان كردووە) لەریزی ئەو مرۆڤانەدا بزانین، كەهەوڵیان داوە ئەم پەیوەندییە تۆكمەترو وێنابكەن وئەوەش پەسەندیانە، شرۆڤەی مێژوو تاچ رادەیەك پێویستی بەلەبەرچاوگرتنی لایەنی ئابوری هەیە، ئەوەندەش تێروانین وئاوردانەوەی كولتوری پێویستە.

## چەمكی هەژموونی:

((توودگیتلین)) لەوتارێكدا بەناونیشانی ((ئایدۆلۆژیای زەمەنی یەكەم: پرۆسەی هەژموونی لەسەر گەرمی بوونی تەلەفزیۆندا))كە ئەم وتارە لەساڵی ١٩٩٤ لەژێرناوی ئەم پەرتوكەدا((تەلەفزیۆن لەروانگەیەكی رەخنەگرانەوە)) لەلایەن دەزگای چاپ وپەخشی زانكۆی كەمبریجەوە بلاوبۆتەوە ئاوەها ئەڵێت: ((لەراستیدا لەكۆتایی ساڵانی ١٩٢٠ و بەدرێژایی دەیەیەك، پاش ئەمەش گرامیشی یەكەم كەس بوو، كەهاوكات لەگەڵ دەركەوتنی فاشیزم وهەرەسی بزاڤی چینی كرێكار لەرۆژهەلاتی ئەوروپادا، دەستی بەتوێژینەوەی ئەم بابەتە كرد، كەبۆچی وهۆكانی ئەوە چی بوون چینی كرێكار بەگوێرەی پێویست شۆرشگێر نەبوون ولەراستیشدا لەبەرانبەر فاشیزمەوە چۆكی دادا)) گرامیشی ئەی ویست ماركسیزم لەشەری (پەتای) زۆرەملێ وناچاریەتی ئابوری رزگاربكات وهێزی رونكەرەوەی ئەم(ماركسیزم) بەپاڵپشت ویارمەتی سازییە سەرخانییەكان گەشەپێبدات لەبەر ئەم هۆیانە گرامیشی ئاوا وێنائەكات كە:

١-ململانێ چینایەتی ئەبێت هەمیشە هزرو ئایدۆلۆژیاكان بخاتە ناوكێشمەكێشی خۆیەوە، چونكە ئەمە هزرە شۆرش پێكدێنێت یان ئەبێتە بەربەستی هەڵگیرسانی.

٢- ئەو لەسەر رۆڵ و ئەوهۆ مرۆییانە بۆگۆرینی مێژوو كەئەكەوێتە سەرشانیان جەخت ئەكاتەوەو لەسەر ئەم بروایەش بووكە تەنگژە ئابورییەكان خۆیان لەخۆرا ناتوانن ببنە هۆی روخان وئاوەژوكردنی كاپیتالیسم.

٣- گرامیشی بەزۆری دیالێكتانە تێرامانی ئەكرد تاكو زۆرەملێو ناچاری بوون.

ئەو هەوڵی ئەدا تیۆریەك بنیاتبنێت، كەئۆتۆنۆم بوون وسەربەخۆیی وبایەخی كولتورو ئایدۆلۆژیا لەناویا بەشێوازێكی فەرمی بناسرێت.

((دومینیک ئیستریناتی)) لەپەرتوکێکدا بەناوی((سەرەتایەک بۆتیۆرییەکانی کولتوری ڕەشۆکی))، کەلەساڵی ١٩٩٥ لەلایەن چاپ وپەخشی راتلەجەوە بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بەمەش وەها ئەنوسێت: ((برێک لەسەر ئەم بڕوایەن، کەلەتیۆرییەکانی گرامشیدا گروپ وگەلی سەربەرێچکە هزریەکان وبەهاکان وسەرۆکایەتی گروپە زاڵەکان لەبەرئەم هۆیەنیە کەبەجەستەو رۆح راپێچ کرابن بەم کارە، بەڵکو لەبەرئەوەش نیە داسەپان وهەڵگرتنەوەی ئایدۆلۆژیایەک ئەمەیان پێ پەسەند بکات، بەڵکو لەبەرئەم هۆیە وەرئەگرن کەئەنجام ودەرخستنی ئاوزیانەی خۆیان وائەکات کە بەلایانەوە جوان بێت، بەڵام ئەم راڤەولێکدانەوانە لەتیۆرییەکانی گرامیشی جێگای مشت ومڕە.)) لەراستیدا بەگوێرەی روانگەی گرامیشی هەژمونی بورژوازی لەسەر دوو راستیە کە هەردووکیان بایەخیان لەیەک ئاستدایە:



سوسیر

یەکەم: زاڵبوونی ئابوری.

دووەم: پێشەنگایەتی رووناکبیری(هزری) وئەخلاقی،

بەڵام، بەوردی واتای هەژمونی چ مانایەک ئەبەخشێت؟ ئیستریناتی لەپەرتوکەکەیدا نووسیویەتی: ((گروپە زاڵەکانی کۆمەڵگا، نەک بەشێوازێکی رەهاو و پەتی بەڵام، لەبنەڕەتدا بەزۆری بریتین لەگروپی دەسەڵاتدارو زاڵبوونی خۆیان بەدابینکردنی((ڕەزامەندی خۆرسکی)) گروپە پاشکۆکان درێژەی پێئەدەن. ئەم گروپە پاشکۆیانەش بریتین لەچینەکانی کرێکار دابینکردنی ڕەزامەندی خۆرسکیانەی گروپە پاشکۆکانیش لەرێگای ئاڵووگۆڕی هۆشیاری رامیاری وئایدۆلۆژییەوە پێکدێت، کەپەیوەندیدەری گروپە زاڵە ونازاڵەکانە بەیەکدیەوە.)) بەم جۆرە بۆتێگەیین لەچەمکی هەژمونی ئەبێ سەرنجی ئەم خاڵانەی خوارەوە بدەین:

—چینی سەرکەوتوو توانستی راپێچکردنی چینەکانی تری کۆمەڵگای هەیە بۆوەرگرتنی ئاکارو بەها رامیاری وکولتورییەکانی خۆی.

—گریمان سەرەتای چەمکی هەژمونی ڕەزامەندی و(بەڵێنێکی) ساکارە، کەزۆربەی جەماوەر لەخۆیان دەری ئەبڕن وبەلادابردنەکەشی دەسەڵات دیاریی ئەکات.

—هەڵبەت ئەم ڕەزامەندییە هەمووکات بەهەۆ هاتن وئاشتی خوازانە نیە(نابێت) لەوانەیە زۆر زەخت وراپێچ کردنی فیزیکی لەگەڵ هۆکارە هزری وئاکارییەکان وکولتوردا تێکەڵبکەن.

—ئەتوانرێت هەژموون بەهەمان((تێگەیشتنی هاوبەش)) بزانرێت، کەبریتیە لەجیهانی کولتوری‌و لەناویا جیهانی ئایدۆلۆژی زاڵ پەرەیسەندووە.

—هەژمونی هەرهەمان بابەتە، کەلەکێشمە کێشە کۆمەلایەتی وچینایەتنەکانەوە سەری هەڵهێناوەتەوە ورای جەماوەری خستۆتە ژێر کاریگەریەتی خۆی بەم جۆرەش دایئەرێژێتەوە.

—هەژمونی کۆی ئەو ئایدیانەیە، کەگروپە زاڵەکان هەوڵ ئەدەن بەرێگەی ئەم ئایدیانەوە ڕەزامەندی گروپەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بۆرێبەرایەتی خۆیان دابینبکەن.

لەئاکامدا بەگوێرەی راڤەی ((راجر سیمۆن)) لەپەرتوکی((پێشەکیەک بۆهزرە رامیارییەکانی گرامیشی)) هەژمونی بریتیە لە((کاروکردارەکانی چینی سەرمایەدار یان نوێنەرەکانی هەمان بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەڵاتەکانی دەوڵەت وپاراستنی درێژخایەنیان)).

ئێستا پرسیار ئەوەیە((باشە ئەتوانرێت هەژمونی بەستراتیژیەتی تایبەتی چینی بورژوا بزانین؟ ))

لەوەڵامدا ئەبێت بڵێین نەخێر.

لەراستیدا چینی کرێکاریش ئەتوانێت هەژموونی خۆی وەکو ستراتیژیەتێك بۆکۆنترۆڵی دەوڵەت گەشەپێبدات. سەرەڕای ئەمە گرامیشی لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کەتەنیا رێگەی چینی کرێکار بۆگەیشتن بەم کۆنترۆڵە ئەوەیە کەئەبێت سەرنجی بەرژەوەندی گروپەکانی تروهێزە کۆمەڵایەتیەکان بدرێت بۆدۆزینەوەی رێگای تێکهەڵکێشانی بەرژەوەندییەکانی ئەمان، لەبەرژەوەندییەکانی خۆیدا(بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار)، ئەگەر چینی کرێکار ئەیەوێت پێشەنگ بێت((یانی بگات بەهەژموونی)) ئەبێ فرە لەسەرخۆ تۆڕێکی(رێکخستنێکی) بەرهەم هاتوو لەیەکێتی کەمینە کۆمەڵایەتیەکان پێکبێنێت. ئەم هەڤاڵبەندییە نوێیەش ئەبێت لەجێگای خۆیدا رێز لەئۆتۆنۆمی بزاڤەکە بگرێت هەتا هەموو گروپەکان بتوانن بەشی تایبەت ودیاریکراوی خۆیان بۆگەیشتن بەکۆمەڵگایەکی نوێ سۆسیالیستی بەرێوەبەرن، چینی کرێکار-سروشتیە ناکۆك بێت لەگەڵ چینی سەرەکی کۆمەڵگادا-ئەبێت هەوڵبدات بەجۆرێك بێت کەلەئاکامدا بگات بەتوندکردن وتۆکمە بوونی ئیرادەی گشتی نەتەوە وئەم ناکۆکیانە ئەبێت لەگەڵ ململانێ گشتیەکانی دیموکراسیدا یەك بگرێتەوە، بەڵام، بەدرێژایی زەمەن چینی پێشەنگ چۆن ئەتوانێت پاراستن لەئایدۆلۆژی خۆی بکات؟



لینین

هەژموونی پەیتا پەیتا تووشی بەسیستەم بوون وسەرلەنوێ بوون وئاڵوگۆڕی دووبارە ئەبێتەوە. هەڵبەت گرامیشی لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کەقەت ناکرێ ئەم بابەتە روون وئاشکرا بزانین، لەراستیدا بەدرێژایی سەردەمی((پەسا-شۆڕشگێڕی)) (یانی ئەو کاتەی کەچینی کرێکار جڵەوی کۆنترۆڵ بەدەستەوە ئەگرێت) سەرۆکایەتی هەژموونی رادەی کاریگەریەتی خۆی لەدەست نادات، بەڵام-تایبەتمەندییەکانی ئەگۆڕدرێن. بەواتایەکی دی گرامیشی بەرەنگێکی تر دوو جۆری جیاواز لەکۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەخاتەروو:

یەکەم: کۆنترۆڵی زۆرە ملێیانە بەرێگای داسەپاندنی زەبروزەنگی راستەوخۆ یان هەڕەشە پێکبێت وئەو کاتەی، کەدەوڵەت ئاستی سەرۆکایەتی هەژموونێکی بەرەو کزبوون هاتبێت یان لەقڵپبووندابێت پێویستی بەم خاڵانەیە.

دووەم: ئەو کۆنترۆڵەی، کەکاتێك لەسەر رەزامەندی لایەنەکان بێت لەو کاتەدا دەرئەکەوێت، کە مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان ئایدۆلۆژیای گروپی زاڵیان لاپەسەندبێت(ئەمە هەمان سەرۆکایەتی هەژموونێکە). لەراستیدا چینی پێشەنگ لەنێوان ئەم دوو شێوازەی کۆنترۆڵدا خۆی ئەپارێزێت، بەڵام ئەگەر هژموونی زاڵ بتوانێت جێگای خۆی لەگەڵ هەژموونی نوێدا بگۆڕێتەوە، پرۆسەی ئەم جێ گواستنەوەیەو بازدانە چۆن ئەبێت؟

لەوەڵامدا ئەبێ بگوترێت گروپە نازاڵەکان پەیتا پەیتا دەست ئەدەنە گەشەدان بەتەنگژەی ئورگانێك، کە گروپی زاڵ لەوەڵامدانەوەی ئەم تەنگژانەدا دەست ئەداتە تیابردن ولێکهەڵوەشانی هەل ودەرفەتەکانی چینی خوارەوە. یانی ئەو دەرفەتەی، کەبەرز بوونەوەیان و وەلابردنی سنورو ئەو پێوانانەی کەتیایدان وئامادەکردنی بزوتنەوەیەکی بەرفراوان، کەتوانستی ئەوەی هەبێت ئەو سیستەمی ئێستا بەرەو هەڵدێرببات وخۆیشی بگات بەهەژموونی، بەڵام ئەگەر لەم دەرفەتە کەڵك وەرنەگیرێت، دەنگی هێزەکان لەبەرژەوەندی چینی زاڵدا ئەبێت کە هەژموونی خۆی دیسان بەگوێرەی ئولگۆیەکی نوێی یەکێتی ئەچەسپێنێت وڕێگاکەش ئاوا ئەگۆڕن.

((ریموند ویلیامز)) لەساڵی (١٩٧٧)دا پەرتوکێکی بەناونیشانی ((مارکسیزم وئەدەبیات)) بڵاوکردەوە سەبارەت بەمەش ئاوا ئەنووسێت: ((بە پێچەوانەی دوربینەکەی مارکس، کەکلیلی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگای مودێرن دا بەشێوازی((شۆڕشگێڕانە)) گرێدراو بەهۆشیاری خۆرسکی چینی کرێکارەو نییە، بەڵکو سەرەتا پەیوەندیدارە بەپێکهاتەیەکی یەکگرتوانە لەبەرژەوەندییەکان واتە هەژموونی ئەڵتەرناتیڤ یان((بەرژەوەندی مێژوویی))، کەئێستا ئایدۆلۆژیای تۆکمەو تایبەتی خۆی گەشەو بەرفراوان کردووە))

بەڵام زەبروزەنگ تەنیا رێگەی رووخاندنی هەژموونی زاڵە؟

گرامیشی ئەڵێت نەخێر. لەبەرئەوە، کەبۆ بەرەو هەڵدێربردنی هەژموونی زاڵ ئەبێ هەوڵی تێکۆشانی رامیاری بدرێت. بۆتێگەیشتنی فرەتری ئەم بابەتە ئەبێ سەرنجی ئەو جیاوازییە بدرێت، کەگرامیشی لەنێوان دوستراتیژیەتی رامیاریدا داینـاوە ئەو ئەڵێت بەمەبەستی چۆکدادان بەهەژموونی زاڵ ودامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ئەبێ لەدوو ستراتیژی جیاواز کەڵك وەرگرین:

یەکەمیان: شەڕی مانۆڕ(مەشق, تەتبیقات).

دووەم: شەڕی ڕەوش(ستاتیوس).

شەڕی مانۆڕ هێرش وپەلامارە سەرەتاییەکانە، ئامانجی سەرەکیشی سەرکەوتنی خێرایە بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کەخاوەنی دەوڵەتی سەنترالیستی وزاڵن، هەروەها لەگەشەی هەژموونیەکی بەهێز لەکۆمەڵگای مەدەنیدا سەرکەوتوو نەبوون (بۆنمونە شۆڕشی بەلشەویکی ١٩١٧)، شەڕی ستاتیو تێك هەڵچونێکی درێژخایەنە، کەسەرەتا لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگای (مەدەنی)یەوە دەست پێدەکات ولەقۆناغی دووەمیدا لەباتی ئەوە، هێزە سۆسیالیستەکان مژوڵی پێشبڕکێ رامیاری وئابوری بن لەنێوان خەباتێکی کولتوری وئایدۆلۆژیکیدا کۆنترۆڵ ئەخەنە دەستی خۆیان، ئەم شەڕە بەتایبەت بۆکۆمەڵگای لیبراڵ دیموکراسی سەرمایەداری رۆژئاوا پێشنیاز ئەکرێت کەدەوڵەتیان لاوازە، بەڵام هەژموونیەکی تۆکمەیان هەیە وەکو (ئیتاڵیا)ئەم وڵاتانە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئاڵۆز وبەرفراوانیان هەیە، کەستراتیژیەتێکی درێژخایەن وچڕتری ئەوێت. ئیستریناتی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ((هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەبێ بەرلە دەوڵەت کۆمەڵگای مەدەنی بخەنە بەرسەرنجی خۆیان لەراستیشدا هەڤاڵبەندیەك لەگروپە نەیارەکان ڕێکبخەن تاکو زاڵ بوونی هەژموونیك بکەن بەهی خۆیان)) بەگوێرەی ئەم بوارانە، کەپێش ئێستا لێیان دواین، ئەکرێ چەمکەکانی کولتورو ئایدۆلۆژیا سەرلەنوێ پێناسەبکەین وکولتور رەوتێکی کۆمەڵایەتی تەواوە کەپیاوان و ژنان ئەتوانن خۆیانی تیاپێناسە بکەن وشیمانەیەك بەژیانی خۆیان بدەن. ئایدۆلۆژیا سیستمێکە لە واتاو بەهاکان کەروونکەرەوەی بەرژەوەندی چینێکی تایبەتە، ئایدۆلۆژیا فۆرمێکە تیایدا هۆشیارییەکان ئەوترێن وئەخرێنە ژێر کۆنترۆڵەوە بەگوێرەی شرۆڤەکەی ریموندویلیامز، ئایدۆلۆژیای((راڤەیەکی هەڵەیە لەچۆنیەتی جیهان)).

ویلیام لەوپەرتوکەدا کەپێش ئێستا ناوی براوە ئەنووسێت: ((هەژموونی درێژترە لەکولتور، لەراستیدا سەرەتا هەژموونی بەم جۆرە پێناسە ئەکرێت، کەپێداگری ئەکاتەوە لەسەر پەیوەنداربوونی پرۆسەی گشتی کۆمەڵایەتی بەدابەش بوونی تایبەتی دەسەڵاتەوە. ئەم گوتەیەش کەئەڵێت مرۆڤەکان هەموو لایەنەکانی ژیانیان خۆیان بۆخۆیان دیاری ئەکەن تەنیا لەهەلومەرجێکی وەرگێراودا راستە. لەکاتێکدا لەراستی کۆمەڵگاکاندا ناوەکهەڤی تایبەت لەکەرەستەو ئامڕازەکاندا هەیە، کەلەئەنجامدا ئەبێتە هۆی ناوەکهەڤی لەبڕو قەبارەی (هەل ودەرفەتەکان)و لەئاکامدا ئەبێتە هۆی ناوەکهەڤی لەتوانای ناساندنی خودی ئەم پرۆسەیەدا. بەرلەهەموو شتێك لەکۆمەڵگای چینایەتیدا ئەم ناوەکهەڤیە لەنێوان چینەکاندا ئەبینرێت.



فۆکۆ

لەبەرئەم هۆیانەیە گرامیشی ناساندنی دەسەڵات ودەسەڵات پەسەند پێشتر لەهەموو پێویستیەکانی ئەزانێت. کەواتە بەسەرنج دان بۆسەر هەموو ئەم خاڵانە ئەو دەرئەنجامە وەرئەگرین چینێك هەیە لەپلەی یەکەمدا ئایدۆلۆژیایەکی دیارو بەرچاو وئاشکرا((بنیات ئەنێت)) ئەم ئایدۆلۆژیایە بەگوێرەی بەرژەوەندی دیارو ئاشکرای خودی ئەو چینەیە، چونکە پێوەندی سەرمایەدارانە کاریگەریەتیەکی حاشا هەڵنەگری پێداوەو بەسەر هەموو کۆمەڵگادا زاڵ ئەبێت. کۆی ئەم ئایدیانە هەژموونییەك پێکدێنێت کەئەتوانرێت بە تۆویی ناوەندی کولتوری بزانین ئەگەر ئەم گریمانانە راست بوو ئەبێ ئەو دەرئەبخامە وەرگرین کەراگەیەنرەکان ئایدۆلۆژی زاڵ بەشێوازێکی تەواوکەرو پێویستی دەوروبەری کولتوری راڤەئەکەن.

***رۆڵی رووناکبیران لەکۆمەڵگادا.**

هەرچینێك یەك یان چەند روناکبیرێك ئەخوڵقێنێت، بەلەبەرچاو گرتنی واری مێژوویی ئەم رۆشنبیرە جیاوازانە ئەبنە داهێنەری ئایدۆلۆژییەك کەشێوەی جۆراوجۆر بۆکۆمەڵگا ئەبەخشن. کەواتە ئەگەرچینی کرێکار خوازیاری گەیشتن بەهەژموویننن، ئەبێت رووناکبیری تایبەت بەخۆیان بئافرێنن تاکو ئەوان گەشە بەئایدۆلۆژیایەکی نوێ بدەن.

((پال رێنسام)) لەپەرتوکی ((ناسینەوەیەکی نوێ لەئەنتۆنیۆگرامیشی))دا سەبارەت بەروانگەی ئەو بەرادەی رووناکبیرانەوە ئەنووسێت: ((گرێدراو بەشێوازەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگا پێویستی بەگروپ گەلێکی تایبەت هەیەو بۆئەوەی ئەرکی تایبەت بکەوێتە ئەستۆیان، هەرچەن گرامیشی لەسەر ئەو بڕوایەیە کەهەموو ئەرکەکان تاڕادەیەك پێویستیان بەتوانستی خوڵقێنەرانەو رووناکبیرانە هەیە, وێڕای ئەمەش پێویستە بڕێك لەتاکەکان تەنیا بەمەبەستی پێکهێنانی ئەرکەکان یان کارگێڕیە رووناکبیریەکانەوە خەریکبن. ئەم کارانە لەهەنگاوی یەکەمی خۆیاندا لەبەر پێویستیەکی تایبەتە بەتەکنیك وسیستەمی ئابوریەوە یەکئەخەن، بەڵام لەقۆناغی دواتردا ئەم یەکخستنە لەگەڵ دەزگاو رێکخراوەکان وفەرمانگە گەشتیەکاندا خۆی یەکئەخات-کەتێکۆشانە ئابورییەکان وەکو گشتگیریەکی سەرانسەری لەگەڵ تێکۆشانەکانی تری کۆمەڵگادا یەکئەخات-لەجیهانی رامیارییدا هەر گروپ یان چینێکی کۆمەڵایەتی(کەدەرهاویشتی شێوازی تێکۆشانی تایبەتی بەروبومە ئابورییەکانن) پێویستیان بەوە ئەبێت کەلەنێو خۆیاندا رۆشنبیر بخوڵقێنن ئەم رۆشنبیرانەش ناسیاری بەرژەوەندی چین وهەم گەشەپێدانی تێگەیینی خەیاڵی ئەم چینەن لەجیهان دا.))

لەروانگەی گرامشییەوە ئەبێ رووناکبیرانی شۆڕشگێر رەگیان لەنێو چینی کرێکاردابێت، نەك ئەوەی لەدەرەوەی یان سەرەوەی ئەم چینە بەکاریگەربن بەگوێرەی راڤەی ((راجر سیمۆن))، ((ئەوانە تەنیا هزرڤان، نووسەریان هونەرمەندنین، بەڵکو رێکخەری جۆرەکانی کارگێڕانی دەوڵەت وسەرۆکە رامیاریەکانی. ئەوان تەنیا رۆڵگێڕی کۆمەڵگای مەدەنی ودەوڵەت نین، بەڵکی لەکەین وبەینی بەرهەمیشدا جێگای رۆڵیان هەیە.))

***بابەتەکانی جیهانی پەیوەندییەکان.**

گرامیشی ورێڕەوەکانی لەسەر ئەو بڕوایەن راگەیەنەرە کۆمەڵییەکان(گشتیەکان)ئەبێ وەکو ئامرازی دابەشکردن(بڵاوکەرەوە)و بەهێزکردنی هەژموونی زاڵ بزانین، هەڵبەت ئەو کەسانەی کەدژی هەژموونی زاڵن وپێیان خۆشە ئایدیایەك لەدژی بڵاوبکەنەوە، ئەتوانن کەڵك لەراگەیەنەرە گشتیەکان وەرگرن. ئیستریناتی لەم بارەیەوە ئەنووسێت: ((کولتوری ڕەشۆکی وراگەیەنەرە گشتیەکان بابەتی بەرهەم، بەرهەم هێنانەوەو گۆڕینی هەژموونی لەرێگەی سازیەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوەن. ئەوان لۆژیکی بەرهەم هێنان وبەکارهێنانی بڕانەوەی کولتوری ئەخەنە ژێر باڵی خۆیان. هەژموونی لەواری کولتوری وئایدۆلۆژیکەوە لەنێوان ئەو گروپانەی کۆمەڵگای مەدەنی کرداریانە ئەبێت کەتایبەتمەندی پێگەیینی کۆمەڵگای لیبراڵ دیموکرات وسەرمایەدارانەیان تیادابێت، ئەم دەزگایانەش بریتین لە: پەروەردەو راهێنان، بنەماڵە، ئایین، راگەیەنەرە گشتیەکان، کولتوری ڕەشۆکی وهتد........)نووسەرگەلێکی جیاواز وەکو (میشل فۆکۆ، لویی ئاڵتۆستەر، تیۆریسینانی فەمەنیست ولەم چەشنە)روانگەی گرامیشی بەشیاوی بایەخێکی فرە ئەزانن و وێڕای راڤەکردنی سەرلەنوێ ئەوە بەشرۆڤەیەکی پەسەند کراو ئەزانن لە: کولتورو پێکهاتەی

بیروڕاکانمان، ناسنامەمان، بڕواکانمان، پێوەندی وهەموو بابەتەکاریگەرەکان لە((تێگەیشتنی هاوبەش)) ئەنرخێنن.

لەئاکامدا ئەتوانین ئەوەش بڵێین کە راگەیەنەرەکان ئەتوانن ببنە ئامرازی رابوون(شۆڕش).

***شیاو بوونی تیۆریەکانی گرامیشی.**

هەر نووسەرێك کەگرامیشی خوێندبێتەوەو لەسەری نووسینی جەخت لەسەر خاڵگەلێك لەتیۆرەکانی ئەودا ئەکاتەوە برێك لەو روانگە گرنگانە لەسەر گرامیشی بەم جۆرەیە:

((دیوید هاریس))بەرپرسیاریەتی دەرکەوتنی کۆمەڵناسی رەخنەگرانە لەکولتورو بەرامیاری کردنی کولتور لەئەستۆی ئەودایە((ریموند ڤیلیامز)) شێوەکانی دەسەڵات ودەسەڵات پەسەندی لەکۆمەڵگا گەشە کراوەکاندا زۆرتر لەگەڵ پرۆسەی دادپەروەریانەی کۆنترۆڵ وبەروبوومی کۆمەڵایەتیدا ئەگونجێت تاکو چینی دەسەڵاتدار کەبەشێوازێکی ئاسایی بەگوێرەی رابردوویەکی کۆن وساکاری مێژووییەوەیە.



گرامیشی

((پال رنسام)) گرامیشی دوخاڵی لاواز وسەرەکی لەتێڕوانینەکانی مارکسدا راست کردەوە: یەکەم/ مارکس بەهەڵە وای بۆئەچوو کەگەشەی کۆمەڵایەتی هاوکات لەگەڵ پێکهاتەی ئابورییەوە سەرچاوە ئەگرێت ئەوی تریشیان ئەوەیە کەمارکس باوەڕێکی فرەی بەتوانای خۆرسکیانەی سەرهەڵدانی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە لەنێو چینی کرێکاردا هەبوو.

((تۆر گیتلین)) گرامیشی ئاستێکی بەرزی بۆکولتور دانا ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەبوو لەتیۆریە رادیکاڵەکاندا، لەبەرئەوە جەختی سەرنجی لەسەر پێکهاتەکانی رۆژانەی ((تێگەیشتنی هاوبەش)) بوو، کەئامانجیان دەسەڵات وداپڵۆسینی چینایەتیە.

((دۆمینیك ئیستریناتی)): گرامیشی ئەوەی دەرخست کەدیالکتیکێك لەنێوان پرۆسەی بەرهەم وتێکۆشانەکانی بەکارهێنان(برانەوە) لەئارادایە.

هەروەها ئەو بەپێچەوانەی برێکی تر لەنووسەرانی مارکسیت دەرکەوتنێکی بەبێ دەمارگیری بوو.

رۆژنامەی شەرق ژمارەی ١٢٧و١٢٨

تاران زستانی ١٣٨٢

و.فارسی: حامید یوسفی